**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٠**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٢/٥/٢٣**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای وەزیری دارایی‌و ئابووری و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٧)ی رۆژی (٢٠٠٢/٥/٢٢) یدا ئەنجامی داوەو ـ بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکەم :**

بڕە پارەو رێژەو سنوورگەلی رەسمە عەدلییەکان کە دەقەکانیان لە ماددەگەلی (١٠،١٥/ یەکەم و دووەم ، ١٦،١٧،١٩،٢٠ / یەکەم ـــ ا،ب،ج، ٢١/ یەکەم ، ٢٢/ یەکەم ، ٢٣/ یەکەم و دووەم ، ٢٤،٢٥،٢٦،٢٧/ یەکەم ، ٢٨/ یەکەم و سێیەم و چوارەم ، ٢٩،٣٤/ یەکەم و دووەم و سێیەم ، ٣٥/ یەکەم و دووەم / ٣٧،٤٢/ یەکەم و دووەم . ٤٢،٤٤،٤٥،٤٩/ سێیەم و چوارەم پێنجەم ، ٥٣/ شەشەم و دەیەم )ی یاسای ژمارە (١١٤)ی هەمواکراوی ساڵی (١٩٨١)ی رەسمە عەدلییەکاندا هاتووە ، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکاردەخرێن .

**ماددەی دووەم :**

بڕە پارەو رێژەو سنوورگەلی رەسمە عەدلییەکان وەك ئەمانەی خوارەوە دەبن ، کە بەرامبەر هەر ماددەیێ لە ماددەکانی یاسای ژمارە (١١٤)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٨١)ی رەسمە عەدلییەکان دیاری کراوە :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

| زنجیره | مادده | بڕگه | پارەی ڕەسم |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٠ | ـ | ١٠٠٠ دینار |
| ٢ | ١٥ | یەکەم | (٤٪) چوار لەسەد |
| ٣ | ١٥ | دووەم | (٢٠) بیست دینار |
| ٤ | ١٦ | ـ | (٢٠) بیست دینار |
| ٥ | ١٧ | ـ | (٤٪) چوار لەسەد بە مەرجێ لە بیست دینار کەمتر نەبێ و لە هەزار دینار زیاتر نەبێو دەعواکانی قەرزی لێ هەڵاوێردرێ (یستثنی) کە دەقەکانیان لە بڕگە (یەکەم)ی ماددەی (١٨)ی هەمان یاسادا هاتووە ، ئەم دەعوایانە ڕەسمیان بە ڕێژەی (٧٪)ی بڕی قەرزە داواکراوەکەی لێ وەردەگیرێ . |
| ٦ | ١٩ | یەکەم | (٥٠) پەنجا دینار |
| ٧ | ٢٠ | یەکەم ـ أ | (٥٠) پەنجا دینار |
| ٨ | ٢٠ | یەکەم ـ ب،ج، | (٤٪) چوار لەسەد |
| ٩ | ٢١ | یەکەم | (٥٠) پەنجا دینار باقیمەنی ڕەسمەکەش بە ڕیژەی (٤٪) وەردەگیرێ . |
| ١٠ | ٢٢ | یەکەم | (٥٠) پەنجا دینار ، باقیمەنی ڕەسمەکەش بە ڕیژەی (٤٪) وەردەگیرێ . |
| ١١ | ٢٣ | یەکەم | (٥٠) پەنجا دینار |
| ١٢ | ٢٣ | دووەم | (٤٪) چوار لەسەد |
| ١٣ | ٢٤ | ـ | (٥٠) پەنجا دینار |
| ١٤ | ٢٥ | ـ | (٢٠٠) دوو سەد دینار |
| ١٥ | ٢٦ | ـ | (٤٪) چوار لەسەد بە مەرجێ لە (١٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێ |

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | ٢٧ | یەکەم | (٤٪) چوار لەسەد بە مەرجیٚ لە (٥٠) پەنجا دینار کەمتر نەبیٚ و لە (٢٠٠) دوو سەد دیناریش زیاتر نەبیٚ . |
| ١٧ | ٢٨ | یەکەم | (٤٪) چوار لەسەد بە مەرجیٚ لە (١٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبیٚ . |
| ١٨ | ٢٨ | سێیەم | (٢٥) بیست و پێنج دینار |
| ١٩ | ٢٨ | چوارەم | (٢٠) بیست دینار |
| ٢٠ | ٢٩ | ـ | (٤٪) چوار لە سەد |
| ٢١ | ٣٤ | دووەم | بە مەرجیٚ لە (١٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبیٚ |
| ٢٢ | ٣٤ | سێیەم | (٢٠) بیست دینار |
| ٢٣ | ٣٧ | ـ | بە مەرجیٚ لە (١٠) دینار کەمتر نەبیٚو لە (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دیناریش زیاتر نەبیٚ . |
| ٢٤ | ٤٢ | یەکەم | ( ٠٠٤ر٠ ) چوار لە هەزار |
| ٢٥ | ٤٢ | دووەم | (٢٠) بیست دینار |
| ٢٦ | ٤٣ | ـ | (٥) پێنج دینار |
| ٢٧ | ٤٤ | ـ | (٥) پێنج دینار |
| ٢٨ | ٤٥ | ـ | (٥) پێنج دینار |
| ٢٩ | ٤٩ | سێیەم | (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا فلس لە هەر (م٢) یٚکی رووبەر ، بە مەرجیٚ لە (١٠٠) دینار کەمتر نەبیٚ و ، کەرتی دیناریش بە یەك دیناری تەواو لە قەڵەم دەدریٚ . |
| ٣٠ | ٤٩ | چوارەم و پێنجەم | (٥٠) پەنجا دینار |
| ٣١ | ٥٣ | شەشەم | (٥٠) پەنجا دینار |
| ٣٢ | ٥٣ | دەیەم | (٥٠) پەنجا دینار |

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

**ماددەی سێیــەم :**

هەر دەقیٚ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخریٚتە بەرکار .

www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم :**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی پێنجەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com